# وەڵامێکی (سرکوبگر و ضدی دیموکراتیك ) بە ئازەری ماجدی !!

**سەبارەت بە دەرکردنی 3 کادری حککع کە ئوسوڵ و مەوازینی حزبیان پێشێل کرد !**

هەرچۆنێك بوو بە فارسی یە شەق و شڕەکەی خۆم ووتارەکەی ئازەری ماجدیم لەسەر دەرکردنی 3 کادری حزب کە ئوسوڵ و مەوازینی حزبیان پێشێل کردبوو خوێندەوە ، ئەگەر ئازەری ماجدی ئیمە بە نەفام نەزانێت کە فارسی باش نازانین و ئاگامان لە هیچ نی یە، ئەوەندە تێگەیشتم کە ئازەری ماجدی دەرکردنی ئەو هاوڕێیانە بە کارێکی سەرکوتگەرانە و دژی یموکراتیك لەقەڵەم دەدات و دەیەوێت ( بە ڕیوایەتێکی چەواشەکارانە و نامۆ بە حزبیەت) وا نیشان بدات ئەو هاوڕێیانە لەسەر خلاف سیاسی دەرکراون . سەرەنجامیش بە مەنتیقی خۆی لەپاڵ زاراوەی عەنتیکەی وەکو ( باڵی ڕاست ) زاراوەی ( سرکوبگر و دژی دیموکراتیك ) مان بۆ دابتاشێت .

ئازەری ماجدی دەیەوێت ئۆباڵی ئەو خەتا گەورە حزبی و تەشکیلاتی یەی (کە بەهۆی سیاسەتی ئینحیلال تەڵەبانەی ئەوانەوە لەبەرامبەر بە حزبی ئێمەدا) خستیانە بەردەم چەند کادرێکی حزبەوە لەسەر شانی خۆیان لابدات و بیانووی سیاسی یان بۆ دابتاشێت کە مافێکی فەردی و مەدەنی حاشا لێ نەکراوی ئەو هاوڕێیانەیە لەکۆنگرەی ئەواندا دژی سیاسەتی ڕەسمی حزبەکەیان قسە بکەن و چەپڵە ڕێزانیان بۆ بکەن ..خلافاتی دەروون حزبی ببەنە دەرەوەی حزب ..یەك لایەنە فراکسیۆنێکی ناقانونی ڕابگەیەنن .. بڕیارنامەیەکی کۆنگرەکە لە دژی حزبەکەی خۆیان پەسەند بکەن .. سەرەنجامیش لەو کۆنگرەیەدا ببنە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبێکی تری موخالیفی حزبەکەیان ، حزبی ئێمەش بەوە تاوانبار بکات کە بەهۆی خلاف سیاسی یەوە ئەو 3 کادرەی لە حزب دەرکردووە . بەڵام هەرکەسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا بڕوانێتە کۆنگرەی 5 حککا و ئەو چەند کادرەی حزبی ئێمە ببینێت کە دژی سیاسەتێکی حزبەکەی خۆیان قسە دەکەن و بڕیارنامە دژی حزبەکەی خۆیان پەسەند دەکەن و یەکلایەنە فراکسیۆن ڕادەگەیەنن و لە میوانەوە دەبن بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی ، سەری سوڕ دەمێنێت کە ئەو چەند کەسە تا ئەو کاتە ئەندامی حزب بن و بەو جۆرە هەڵس و کەوت لەگەڵ حزبەکەیان بکەن . ئەگەر ئازەر و هاوڕێکانی کەمێك ئاشنایەتیان لەگەڵ پرەنسیپی سیاسی و ئوسوڵی حزبی دا هەبوایە ئەو کارانەیان نەدەخستە بەردەم ئەو هاوڕێیانەوە و دەرگای کۆنگرەیان بۆ ئەو جۆرە لە تیکشکاندنی حزبیەت و ئوسوڵ وپرەنسیپە حزبی یەکان لەژێرناوی خلاف سیاسی دا ئاوەڵا نەدەکرد . بەڵام بۆ ئازەر و هاوڕێکانی ئەم کارە هدف مەندانە و جێی مەبەست بوو ، *تەنانەت* ئەوەیان بۆ گرنگ نەبوو کە ئەو کارانە لەڕووی سیاسی و حزبیەوە لەسەر ئەو هاوڕێیانە چەند دەکەوێت و چەند قورسە ، چونکە ئەوان لە بەرامبەر هەڵوێستێکی سیاسی حزبی ئێمەدا خەریکی تێکدانی ڕیزەکانی حزب بوون و سیاسەت و پرۆژەییەکی ئینحلال تەڵەبانەیان هەڵبژاردبوو کە پێویستی بەوجۆرە ڕوشت و سوننەتە مەحفەلی و غەیرە حزبی یانە هەیە ، بەداخەوە ئەو چەند هاوڕێ یە بەو کارانە کە کردیان کەوتنە دووای ئەو سیاسەت و پرۆژە ئینحلال تەڵەبانەیە و سەلماندیان کە بۆ خلاف سیاسی خۆیان ئامادەن حزب و حزبیەت و ئوسوڵی سازمادەیی حزبەکەیان بخەنە ژێر پێوە و پێشێلی بکەن .

ئازەری ماجدی بۆ داپۆشینی ئەو سیاسەت و پرۆژەیەی خۆیان و بەرگری لەو کارانەی خستیانە بەردەم ئەو هاوڕێیانەوە باسی ئازادی فەردی و مەدەنی دەکات و دەڵێت: ((بەشداربوون لەهەر کوڕو کۆمەڵێکی سیاسی دا مافێکی حاشا هەڵنەگری هەر ئەندامێکی حزبی کۆمۆنیستی کارگەریە ... ئەو هاوڕێیانە بە عنوانی فەرد نەك نوێنەری حزبەکەیان بەشداریان لە کۆنگرەدا کردووە )) لە ڕاستی دا ئەمە ئیتر ئەوپەڕی چەواشەکاریە . هەر ئازەری ماجدی خۆی لە کۆنگرەکەدا بە کەیف و شادابی یەکی زۆرەوە وەکو ئەوەی هەنگوینی لە کونەداردا دۆزیبێتەوە بانگی هەریەك لە( عسام شوکری بەعنوانی ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حککع و سەمیرنوری ، ستاری چیمەنتۆی بە عنوانی کادرانی حککع ) دەکرد بۆ سەر بلندگۆی کۆنگرەکەیان تا قسە لەدژی حزبەکەی خۆیان بکەن، هەر لەو کۆنگرەیەدا بڕیارنامەیەکی تایبەتیان بەقەولی ئازەر سەبارەت بەو <u>چەند فەردە</u> پەسەند کرد کە: کادرانی حککع دەتوانن خۆیان کاندید بکەن بۆ کۆمیتە ناوەندی حککا و پاشان ئەو چەند <u>فەردەیان</u> هەڵبژارد بۆ کۆمیتە ناوەندی !!، هەروەها پشتیوانی فراکسیۆنی ئەوچەند <u>فەردەیان</u> لەناو حککع دا ڕاگەیاند !! ئەم چەواشەکاری یە ئەوەندە بێ مانایە شایەنی پێکەنینە و بە عەقڵی هیچ کەسێکدا ناچێت .

ئایا ئەندامی کۆمیتە ناوەندی یان کادری حزب سیفەتێکی فەردی یە ؟ ئایا ئەمە بەکارهێنان و کەڵك وەرگرتن نی یە لە ناوی حزب و مەوقعیەتی حزبی وتەشکیلاتی لە دەرەوەی حزب ؟ ئایا کادری حزبێك کە موخالیف بێت مافی ئەوەی هەیە خلاف خۆی بباتە دەرەوەی حزب و لە دەرەوە و ڕوو بە کۆمەڵگا دژایەتی سیاسەتی حزبەکەی بکات ؟؟ ئازەری ماجدی ئەگەر باوەڕی بە حزبیەت و بنەمای ڕێکخراوەیی مەنسور حیکمەت هەیە ئاوڕێك لە بەندەکانی 4 ، 12 ، 13 ، 14 سەبارەت بە ( کادر ـ پەیڕەوی لە ئۆرگانی باڵاتر ـ پەیوەندیە دەروونی یەکانی حکك ـ زەبت و ڕەبتی توند و تۆڵی تەشکیلاتی ) بداتەوە پاشان بە کردەوە و قسەکانی خۆیاندا بچنەوە بۆیان ڕۆشن دەبێتەوە کە دنیای سیاسەتی ئەوان چەند دوورە لە سوونەت و حزبیەتی مەنسور حیکمەتەوە (لەگەڵ ئەم نامەیەدا ئەو چەند خاڵەی سەرەوەی بنەما ڕێکخراوەیی یەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مەنسور حکمەت وەکو پاشکۆ دەنووسمەوە ).

پاشان بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەو هاوڕێیانە لەسەر خلاف سیاسی دەرکراون ئیتیهامێکی پوچ دەخاتە پاڵ ڕابەرایەتی حزب دەڵێت ( ڕابەرایەتی حککع ڕێگای نەدا دەنگی ئەو هاوڕێیانە بە تەشکیلات بگات لە تەشکیلاتدا ڕەنگ بداتەوە .. فراکسیۆنیان سازدا بۆ ئەوەی دەنگیان بە تەشکیلات بگەیەنن) . ئیتیهام فڕێدان ئاسانە بەڵام سوونەت و کارێکی ڕەزیلانەیە بە تایبەت بۆ کەسێك سەرۆکی دەفتەری سیاسی حزبێك بێت . لە کاتێکا هەر لە سەرەتای پەیدابوونی خلاف بەشێك لە هاوڕێیانی حزب سەبارەت بە پشتییوانی حزب لە حککا ـ حکمەتیست . ڕابەرایەتی حزب کەناڵی ئوسوڵی و میکانیزمی حزبی جۆراو جۆری خستە بەردەم هەموو ئەندامان و کادرانی حزبەوە کە قسە و ڕەخنە و پێشنیار و داوای خۆیان لەو بارەیەوە بخەنە ڕوو ، ژمارەیەکی زۆرلە هاوڕێیانی حزب ئازادانە قسەی خۆیان بە موخالیف و تەئیدی ئەو سیاسەتەی حزب کرد . هەروەها ڕابەرایەتی دەرگای بۆ جەلەسات

و سیمینار کردەوە بەشێك لەو هاوڕێیانە ئامادە نەبوون بەشداری جەلەسەکانیش بکەن ، سیمیناری کادرانی دەرەوەی وولآت کرا ئامادە نەبوون بێن قسەی خۆیان بە دەیان کادری حزبەکەی خۆیان بگەیەنن (بەلآم بە پێچەوانەی تەوجیهاتی ڕەسمی حزبەوە کە رایگەیاندبوو کادران‌و ئەندامانی حیزب بەشداری کۆنگرەی 5 حککا نەکەن و بەلگەکانی ئەمەشی روونکردبوەوە، لە کەنەداوە بۆ کۆنگرەی 5 حککا گەیشتنە ئەڵمان ) تەنانەت ڕابەری حزب پێشنیاری کردبوو ئەو هاوڕێیانەی موخالیفن چەند کەس بە نوێنەری خۆیان بۆ پلنیۆمی کۆمیتە ناوەندی بنێرن و لە بەرزترین ئۆرگانی حزبی دا قسە و داواکانی خۆیان بخەنە ڕوو .. هەموو ئەمانە بۆ ئەو چەند هاوڕێ یە لەبەردەستدا بوو بەلآم ئامادە نەبوون خلافێکی سیاسی وئوسوڵی وحزبی بەرنە پێشەوە و دەستیان دایە خروقاتی حزبی چەند جار ئاگادارکرانەوە و فرسەتیان پێدرا کە دەست لە خروقاتی حزبی هەڵگرن بەلآم بەداخەوە بەدوای نەخشەکەی حەمیدی تەقوایی دا ڕۆیشتن بە عەمەلی خۆیان بردە دەرەوەی حزب. ئەگەر ئەو هاوڕێیانە جانب بە هەق بوونایە لەسەر خلاف سیاسی و حزبیەتی خۆیان دەیان توانی کەڵك لەو کەنال و میکانیزمانە وەربگرن و لە کورت ماوەدا سەرنجی کادران و ئەندامانی حزب بەلای خۆیاندا بەرن و لە پلنیۆم دا بە توانایەکی سیاسی و تەشکیلاتی بەهێزەوە قسە و داواکاری خۆیان بخەنە ڕوو. کەسێك بە ئینسافەوە سەبارەت بەو دەورەیە لە حزبی ئێمەدا قسە بکات دەبێت دان بەوەدا بنێ کە لەناو حزبدا زۆرترین ئازادی و ئاوەلآترین کەناڵ و میکانیزمی حزبی جۆراوجۆر بۆ دەربڕینی بیروڕا و بردنە پێشەوەی خلاف سیاسی هەیە .

بەلآم هەرگیزحزب ڕێگا نادات خلاف سیاسی ببێتە پردە بازێك بۆ خەرقی حزبی ( هەر لە ئیمزاکۆکردنەوە لە بەرامبەر ڕابەری حزب ، ئامادەنەکردن و بەشدار نەبوونی جەلەساتی حزبی ، خستنە ژێر پرسیاری ئۆرگانی ڕەهبەری ، پەیڕەی نەکردن لە تەوجیهاتی ئۆرگانی بالآتر ، بردنە دەرەوەی خلافاتی دەروون حزبی، سازدانی مەحفەل و ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی فراکسیۆن ، دژایەتی کردنی سیاسەتی حزب لە دەرەوەی حزب و دانانی سایتی عەلەنی بۆ خلاف دەروون حزبی و دژایەتی سیاسەتی ڕەسمی حزب ، ....هتد) ئەم کارانە و زۆری تریش کە هەر لە سەرەتاوە ئەو هاوڕپیانە بە بیانووی خلاف سیاسی یەوە ئەنجامیان داوە ، ئەو چەند هاوڕێیەش کە گەورەترین خروقاتی حزبیان کرد و هەموو ئوسوڵ و مەوازینێکی حزبیان شکاند لە حزب دەرکران . دەنا بەشێك لەو هاورێیانەی کە تا ئێستا موخالیفن بەلآم بە ئاستی ئەو 3 هاورێ یەی دەرکران خەرقی حزبیان نەکردووە تائێستا ئەندامی حزبن ،بەلآم ئەگەر خەرقی حزبی بکەن بێگومان ڕووبەڕووی ئیجرائاتی حزبی جۆراو جۆر دەبنەوە (بۆ نموونە چەند هاوڕێیەك لە سایتێکی عەلەنی یەوە نامەی نارەزایەتی یان لە دژی بڕیاری دەرکردنی ئەو 3 هاوڕێ یە بە ئیمزای جەماعی خۆیان بلآوکردووەتەوە ، خەرقێکی حزبی گەورەیە ) . ئەی حزبی سیاسی پەیڕەوی ناوخۆ یان ئوسوڵی سازمانی بۆ چی یە ؟ بۆ ئەوە نی یە لە کاتی خلاف دا یەکپارچەیی و یەکێتی وتوند وتۆڵی ڕیزەکانی حزبی پێ بپارێزێ ؟؟ خۆ ناکرێ هەر خلافێك دروست بوو ئوسوڵ و پرەنسیپە حزبیەکان پی شێل بکەین و حزب تێك بدەین و ئاش بەتاڵی لێ بکەین. ئەمە سوننەتی ئەحزابی سیاسی جدی نی یە بەڵکو سوننەتی چەپێکی حاشیەیی مەکتەبی یە .

ئەو پێشێلکاریە حزبی یانەی ئەهاوڕێیانە کردیان پێویستی یەکی پرۆژە و نەخشە ئینحلاتەڵەبانەکەی ڕابەرایەتی حککا بوو، کە تەشکیلاتی حککع لە دژی ڕابەری هەڵخڕێنن و پاشان بە تێکشکاندنی ئوسوڵ و پرەنسیپە حزبی یەکان یەکپارچەیی ڕیزەکانی حزب تێك بدەن ، تا لەم ڕپگایەوە هاوسەنگی ڕوو لە خواری خۆیان لەبەرامبەر پشتیوانی حککع لە حزبی حیکمەتیست قەرەبوو بکەنەوە، بۆ ئەوان واپێویست بوو بە پینە و پەڕۆش بێت تاکاتی کۆنگرەی 5 مەحفەلێك بە ناوی فراکسیۆنەوە لە حزبی ئێمەدا ساغ بکەنەوە هەتا لە بڵندگۆی کۆنگرەکەیانەوە وا نیشان بدەن کە فراکسیۆنیکی ناو حککع پشتیونیان لێ دەکەن. بەم کارەیان نیشانیاندا کە چەندە بە حزبیەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بنەما ڕێکخراوەیی یەکانی مەنسور حیکمەت ناکۆکن ، ئامادەن بۆ مەبەستێکی زەینی و ئایدۆلۆژی خۆیان مناسەبات و ئوسوڵ و پرەنسیپ و ریزەکانی چەند حزبی تر تێك بدەن و حزبیەت پێشێل بکەن. ئەمە سوننەت و حزبیەت و ئینقلاب و دەسەلآتی شورا و سۆشیالیزمە هەر ئێستاکەی حەمیدی تەقوایی بوو کە بینیمان ؟؟ ئەمەسوننەتی ئەو چەپەیە کە کارێکی بە حزب و حزبیەت و کۆمەڵگا نییە ، ئەمە ڕەوشت وسوننەتی ئەو چەپە کۆنەیە کە مەنسور حیکمەت توڕی هەڵدا و حەمیدی تەقوایی دوای دەورەیەك سڕ بوون و لەغیابی مەنسور حیکمەتدا هێنایەوە مەیدان .

پرۆژەکەی ڕابەرایەتی حککا لەناو حککع زوو فەشەلی هێنا، ئەنجا دەیانەوێ بە ئیتیهاماتی پووچ بخەنە پاڵ حزب . دەیانەوێت حککع دەرگاو پەنجەرەی نەبێت هەرکەس وویستی لە پەنجەرەوە بڕوات لە دەرگاوە بێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن بە ئاسانی تێکی بدەن . بەلآم با ئازەری ماجدی هاوڕێکانی بزانن کە ئەگەر ئەوان بە دەستی خۆیان حزبیەتیان پێشێل کرد و حککا یان هەڵوەشاندەوە و کردیانە مەحفەلێکی ئایدۆلۆژی لەبەر ئەوەی موخالیفی سیاسی خۆیان قبوڵ نەکرد ووتیان باڵی ڕاست لە حزبدا هەیە و دەبێ بچێتە دەرەوە و کۆمیتە مەرکەزی بە ڕەسمی ناناسین ، پاشانیش ویستیان ئەم بەزمە بگوێزنەوە بۆ ناوحزبی ئێمە . بەلآم حزبی ئێمە بە پێچەوانەوە بە فراوانترین ئازادی و میکانیزمی حزبی حۆراوحۆر بۆ خلاف سیاسی قایلین و لەمەش قازانج دەکەین و نزیکایەتی و ئینسجامی زیاتر لە ناو حزبدا پێك دەهێنین ، هاوکات لە مەحکەم مەحکەمتر حزبەکەمان ڕادەگرین و حزبیەت دەپارێزین چونکە مەسئولیەتێکی سیاسی کۆمەلآیەتی گەورەمان لە عێراقدا لە ئەستۆی ئەم حزبەدا داناوە و ئەم حزبەمان بۆ مقدەسە .

سامان ئەحمەد 16 / 10 / 2004

ئەندامی حزبی کۆمۆ نیستی کرێکاری عێراق

چەند خاڵێك لە بنەما ڕێكخراوەیی یەكانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری

( تەئكیدەكان هی منە .... سامان ئەحمەد )

3. ئەندامەتی لە حزب ، سنور و مەرج بۆ هیچ یەكێك لەماف و ئازادیە فەردیەكانی ئەندام دانانێت . بەهەمان شێوە ئەندامەتی لە حزب لە هیچ هەل و مەرجێكدا ، نابێتە مایەی هیچ جۆرە ئیمتیاز وو یان باڵاتربوونی ئەو ، لەچاو باقی خەڵكدا ,

4 . كادر ، بە ئەندامێكی حزب دەگوترێت ، كە لەڕێگای هەڵبژاردن وە یان دانان لێپرسراوێتی ڕێكخستن و ڕێنوێنی كردنی هەڵسوڕانی حزب لە مەیدانێكی دیاریكراودا لە ئەستۆ دەگرێت . هەڵسوڕان بە عنوانی كادر پێویستی بەوە یە كە ئەو مەوازین و دیسپلینانەی كە هاوشانی ئەو لێپرسراوێتی یە حزبییە كە ئەو كەسە لە ئەستۆی دەگرێت قبوڵ بكات. ئەم مەوازین و دیسپلینانە ڕەنگە لێپرسراوێتی زیاتر و وابەستە بە زەبت و ڕەبتی توندتر ، بە بەراورد لەگەڵ مەوازینی گشتی چاودێر بەسەر ماف و ئەركی ئەندامان بە شێوەیەكی گشتی لە ئەستۆی ئەفراد دابنێت . مەوازینی چاودێر بەسەر هەڵسوڕانی كادری حزب لە بڕیارە تایبەتیەكانی هەڵسوڕانی هەر ئۆرگانێك و لە ئەسنادێكیش كە چاوەڕوانیە گشتی یەكانی حزب لە كادرەكان خستوویە ڕوو ، دادەنرێت .

12. لە ئاستە یەك لەدوا یەكەكانی ڕێكخستندا ، ئەوەی كە ئەسڵە , پەیڕەوكردنی هەر كۆمیتەیەكە لە پەسەندكراوەكانی كۆمیتەی باڵاتر و پەیڕەو كردنی هەموو كۆمیتەكانە لە پەسەندكراوەكانی كۆمیتە مەركەزی.

13. هاوفكری لە دیاری كردنی ئامانجی هاوبەش و هاوهەنگاویی لە تێكۆشانی عەمەلی بۆ گەیشتن پێی ، پرانسیپی بناغەیی پەیوەندیە ناوخۆیی یەكانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری یە . فراوانترین ئاڵوگۆڕی نەزەر و هاوفكری و زۆرترین كەشی كراوە بۆ دەربڕینی بۆچوونەكان و تێڕوانینە جیاوازەكانی كەسەكان ، لە پرۆسەی بە ئەنجام گەیاندنی كارێك لە ئاستە جۆربەجۆرەكاندا ، هاوشانی توند و تۆڵ ترین زەبت و ڕەبت و هاوئاهەنگی و یەكپارچەیی عەمەلی لە بەرەو پێشەوە بردنی سیاسەت و و هەنگاوە پەسەندكراوەكان ، كۆڵەكەی لە جیانەهاتووی پەیوەندیە دەروونی یەكانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری پێك ئەهێنێ .

14. زەبت و ڕەبتی توند وتۆڵی تەشكیلاتی ، مەرجی پێویستی ئیدامەكاری و پێشڕەوی حزبێكی شۆڕشگێڕی كرێكاریە لە هەل و مەرجی نالەبار و سنورداركراوی مەوجود تەنانەت لە وولاتە زۆر لیبرالەكانیشدا . زەبت و ڕەبتی زاڵ بەسەر حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری زەبت و ڕەبتێكی پشت بەستوو بە هۆشیاری ئەندامان و لەسەر پێویستی یە عەمەلی یەكانی تێكۆشانی كۆمۆنیستی و هەل ومەرجەكانی هەڵسوڕانی حزبە . دیسپلینی حزبی بە پلەی یەكەم پەیوەستە بەهاوئاهەنگی سیاسی و مەعنەوی حزب و پوختەیی و هوشیاری ئەندامان و هەڵسوڕاوان . حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری لە میانەی هەوڵ و كۆششی هەمیشەیی بۆ فێركردنی ئەم دیسپلینە و بەهێزكردنی ئەم ئاگایی و هوشیاریە لە نێو ئەندامان و هەڵسوڕاوانی خۆیدا لەبەرامبەر لادان لە پرەنسیپی حزبی دا ، هەنگاوی ئینوبیاتی دیاریكراو ئەگرێتە بەر . ئاگاداركردنەوەی ڕەسمی ، سوكترین و دەركردن ( لێسەندنەوەی ئەندامەتی ) توندترین هەنگاوی ئینزیباتی یە لە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری دا .